# بێ لایەنی دەردێکی کوشندەیە

**باهۆز عەلی**

هیچ زەمانێک هێندەی ئەمرۆ هەڵوێستەکان پەردەی لەسەر جەوهەری مەرام و ئامانجەکان هەڵنەداوەتەوە، بەتایبەت لە هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر ڕووداوە سیاسی یەکان و، پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکاندا، کە لە سوننەت وداب ونەریت و عادەت وتەقالیدە باوەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە، لە تاکە کەسێکی سادەی نێو کۆمەڵگەوە بگرە تادەگاتە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان، هەروەها هەڵدانەوەی پەردە لەسەر مەعدەنی ئەسڵییان، هیچ وەخت هێندەی ئەمرۆ و بەم جۆرە بێ پەردەنەبووە، ئەوە زاڵ بوونی بەرژەوەندی و جیهان بینی چینایەتی یەکانە کە سەنگەری چارەنوسی ئینسانەکان لێ دەدات و، هەڵوێستەکان دیاری دەکات، لە هەردوو حاڵەتی هەڵوێست لە خۆ نیشان دان یان بێ هەڵوێستی دا بەرژەوەندی یەکان دەخاتە کەناڵی چینایەتی خۆیەوە، بمانەێ و نەمانەوێ، ئاگایانە بێت یان نا ئاگایانە. خزمەت بە قوتبێک دەکەین یا چەوساننەوەو کۆیلەتی یان ئازادی و یەکسانی، ئیتر لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا، جیهانێکی بێ لایەن وەهمەولە ئیعرابدا جێ ی نی یە.

مەسەلەیەک کە ئێستە دەمەوێ پەیوە ستی بکەم بەم باسەمەوە، بێ لایەن بوونە، وە دەورو نەخشی ئەو لەسەر ئالو گۆڕەکان، من پێم وانی یە و نامەوێ ئۆباڵی ئەم وەزعییەتە بخەمە ئەستۆی بێ لایەن بەڵکو ئەوانەش کە سەرنشینی پاپۆڕێکن بەرەو قیبلەی ئیسلام، ئەوانەی وا لە و سەرەوە دانیشتون خانوی بەرزی پڕ پەنجەرەی ڕوو لە خۆریان بەدەستی ئێوە ساز کردووە و، تاقە وەتاغێکیش بە خۆتان ڕەوا نابینن *

بەڵام ئیتر ئەوەش براوەتەوە کە بێ لایەنی شمولی کەس نەکات بە تایبەت ئەمرۆ، تائێستەش وا دەرکەوتووەو خۆی نواندووە کە سەر بە حیزبێکی سیاسی نەبێت، موستەقیل بێت ئیتر بێ لایەنە، بێ لایەنیش شانی خاڵی یە، و بێ گوناهە و بێ وەیە، پەیوەندی نی یە بەسەر هیچ شتێکەوە، هەڵبەت ئەم پەرچەمی بێ لایەنی یەش بەڕواڵەت موڵکی هیچ لایەک نی یە، بەڵام لەشکرێکی ئامادەی هێزە باڵادەست و سەرکەوتووەکانە، سەرفی نەزەر لەوەی هەڵگری چ پەیام و ئامانجێکە ئەم زەخیرەیەکی ئامادەکراوە بۆی.

ڕاستی یەکەی جیاوازی یەک کە هەیە لە نێوان لایەنگرو بێ لایەندا، هەر ئەوەیە ئەم ڕێکخراوە و ئەوی دیکە ڕێکخراو نییە، بەڵام ئایا هیچ کەس دەتوانێ، ئینکار لە لایەنگری بوون بە ڕەوتێکی فکری و سیاسی خۆی بکات ؟ گرینگیش نی یە ئەگەر ئەو مەیلە یاخود ئەو ڕەوتە لەدەسەڵاتدا بێ یان بێ دەسەڵات، خاوەن سوننەت و تەقالیدی خۆیەتی، بێ لایەنیش ئەندامی ڕاستەوخۆی حیزبێک نی یە، بەڵام بێ ویست و ڕەزامەندی خۆی ئەو عادەت و تەقالیدە بەڕێوە دەبات کە داکەوتەی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی حاکمە کە عەقلییەتی سائیدو زاڵی ئەوو ڕۆژەی باو و گشتی کۆمەڵگەیە، ئەم دەبێ مەشروعییەتیی ئەو دەسەڵاتە قبووڵ کاو بەڕێوەی بەرێ، ئەوە مەگەر تەنها لە بەرژەوەندی یەکانی خۆی بێ لایەن بێت، بێ لایەنە لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆی داو هیچی تر.

سەرمایەداری یەکێک لەو نیزامانەیە کە میراتگری هەرچی سوننەت و دیاردەی پاشکەوتوی تا ئێستەیە پایەی ئەم نیزامە دیاردەو سوننەتە کۆمەڵایەتی یەکانە و دین یەکێک لە بەرجەستەترین ئەو نمونانەیە لەو ئایدیایانەیە کە تائێستە سیستەمە یەک لەدوای یەکەکان وەک تیغێک هەمیشە دەمە زەردیان کردۆتەوەو کۆڵەکەی لەسەر پێ ڕاگرتنی نیزامە چەوسێنەرەکانی تا ئێستە بووە، کاتێ کە بوو بە دەسەڵات بوو عەقڵییەتی کۆیلە بوون، بۆ خواوەندێک کە دەستکرد و سەرهەڵاتووی سەدە تاریکەکانی نەزانینی خۆمانە، وە گەشەسەندووی نێو باوەشی سیستەمە یەک لە دوای یەکەکانی بەربەریەت و چەوساننەوەی تا ئێستەی بەشەری بووە، هەر ئەمرۆش دەبینین کە چۆن دین ئینسانی دیلی پڕ سوکایەتی و سوننەتی پڕ لەشەرمەزاری کردووە، کە لە هەموو گۆشەیەکی ژیاندا وەک قوڵەچماغ لەسەر ڕێ ی ئازادی و ژیانی موتەمەدیندا قووت بۆتەوە دەست دەخاتە تایبەتمەندی یەکانی شەخسی بەشەرەکانیشەوە، دەیانکات بە کۆیلە و عەبدی عەقڵییەتی سەدەی بەردین، شەرعییەت بە جیاوازی ئابوری ئینسانەکان دەداو، ژن بە زەعیفە و ناقیس عەقڵ دەناسێنێ و، بە عەیبە و عەورەت تەماشایان دەکا. . . . هتد، بۆ پاداشتی هەژاری و ئیتاعەت و شوکرانە بژێری، جۆگەی شیر و شەکرو خەونی بەهەشتێکی پڕ لە حۆری بۆ

پیاوان دەدەن، چەند شەرمەزاری یە بۆ دین کە قسەیەکی نی یە لە پاداشتی ئیتاعەت و مل کەچی ژناندا!! بەلَکو لەو دونیاکەشیاندا ژن هەر وەسیلەیەو لە خزمەت پیاواندایە، بەلاَم ئەم دەسکەوتەی پیاوسالاری سەرەنجامەکەی فەوتانێکی حەتمی دەبێ بەدەست مەدەنییەتێکی گەشە کردووی سکۆلارو کۆمەلَگەیەکی عادیلانەی سۆسیالیستی یەوە.

بێ لایەنیش دەبێ سەماکەری ئەم ئاوازە بێ و، تا ئەو جێگەیەی هەلَوێستیشی نەنواندووە زنجیری کۆیلەتی لە گەردنی نەبۆتەوە، هەر ئەو کاتەش کە هەلَوێست وەرناگرێ بەرەو گۆڕان، بەرەو دنیایەکی باشتر و بێ چەوساندنەوە، عەقلَییەتێک زالَ دەکات بەسەر خۆیدا و شەرعییەتی پێ دەدا کە بۆتە ئاوی تەبەڕووک بەسەر ناعەدالَەتی کۆمەلَگەو چەوساننەوە و، تەحقیری سەرمایەداری دا، تا ئەو ڕادەیەی ئینسانەکانیان شەلاَلَی برسییەتی و خوێنکردووە لەباوەشی گەرمی دیموکراسی دا، ئینسان کاتێ دەتوانێ بێ لایەن بێت، کە زنجیری کۆیلەتی ژن، ستەمی میللی، تەفرەقەی مەزهەبی و، نەژاد پەرستی، حیکایەتی گوێ ئاگردان بن، کە تائێستەش پایەی نیزامە چاوچنۆکەکەی سەرمایەداریە، لەوەش مەهزەلەتر نی یە کە دەست بەکلاَوەکەی خۆتەوە بگری تا بانەیبات، کلاَوە کەش ئەو کاتە بابردی کە قەناعەت و شوکرانە بژێریمان کرد، ئەو کاتەی هەلَگری هەویەی چینایەتی خۆمان نەبووین و، لەکاروانی سەربەخۆی چینایەتی خۆمان دابڕاین هەمیشە هەر وابووە ئەوەی بێ لایەنیشی لە خۆی نیشان داوە، ئەو لە پێشدا باجی زەرەرو زیانەکەی بژاردووە، بەلاَم تاکەی دەبێ ئەم نیزامە خوارو خێچە قابیلی قبوولَ بێت ؟ کە جەنگی بالاَ دەستی، خۆپەرستی و نیزامی کینە، چاوچنۆکی و بازاڕی ئازادی کەمایەتی و برسێتی زۆرایەتی سەروەربێ !!لەبەرامبەر ئەوەشدا دونیای بێ چەوساننەوە بکەن کارێکی مەحالَ و خەیالَی بێت !! ئەگەر زنجیری تەفرەقە نەبێت لە دەست و پێ ی ئینسانەکاندا. . . . .

* / پارچەیەک لە شیعری خۆرەتاوە (کە بەداخەوە ناوی شاعیرەکەیم بیر نەماوە، کە لە کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری دا خوێندومەتەوە، داوای لێبوردن لە شاعیر دەکەم ئەگەر ئەو ناهەقییەم بەرامبەر کرد وە )
ئەگەرساتێ ڕاوەستن و گوێم بدەنێ، چیرۆکێکی دلَ تەزێنتان لە سەرەتا تا بە ئەنجام بۆ دەگێڕمەوە، ئەگەر دەشرۆن، ئەگەر تاقەتی بیستنی حیکایەتی پڕ لە پەژارەتان نی یە ؟! بڕۆن. . بڕۆن. . بۆ بالَندەو دارستان و سەوزەلاَنی دەگێڕمەوە
************************************************** کەنەدا ۲۰۰۳/۱/۲۱

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەلَ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاَم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاَویدەکەینەوە..... لەگەلَ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ۱۵-۱-۲۰۰۳